https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.140

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاستەنگەکانی بەردەم راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆکانی گەشەکردنی

## (راگەیاندنکارانی بنکۆڵکار بە نموونە)

**جوان جەلالەدین محێدین (خوێندکاری دکتۆرا)**

بەشی راگەیاندن کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەدین-هەرێمی کوردستان- عێراق

Jwan.muhedeen@univsul.edu.iq

**پ هێرش رەسوڵ موراد**

بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بازاڕگەریی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی- هەرێمی کوردستان- عێراق

hersh.rasool@spu.edu.iq

**پ ی د هۆشیار موزەفەر عەلی**

بەشی راگەیاندن- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەدین- هەرێمی کوردستان- عێراق

hoshyar.ali@su.edu.krd

## پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا، ئاستەنگەکانی بەردەم راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێم کوردستاندا وەک مۆدێلێکی سەردەمانە خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی «وەسفیی» و رێبازی «چاوپێکەوتنی قووڵ»ی بەکارهێنراوە لەسەر راپرسییکردن لەگەڵ راگەیاندنکارانی بنکۆڵکار وەک نموونەپشکنینی (سامپڵ) راستەوخۆ. بۆ ئەم مەبەستە، کارەکردارییەکان لە سێ تەوەرەی بەرفراواندا دابەشکراون، تەوەرەی یەکەم تەرخانە بۆ هەبوون و بەشدارییکردنی رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاریی بەزۆرێک تایبەتمەندییانەوە. تەوەرەیەکی تریش، دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە سێ پرسیی سەرەکیدا ساغدەکاتەوە، ئاستی گەشەکردن و ئاستەنگەکانی گەشەکردن و دواجاریش گرنگیی و بایەخی ئەم مۆدێلە میدیاییەیە. هەر لەم تەوەرەیەدا، شیکردنەوە بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی کراوە لەرێی پێچۆری ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی بەسەر سێ دەسەلاتەکەی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی). تەوەرەی دواییش، تێڕوانیین و هەڵسەنگاندنێکە بۆ ئاسۆکانی ئایندەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە کوردستاندا. لە ئەنجامەکاندا ئەوە دەرکەوتووە راگەیاندنکارانی بنکۆڵکار سەرجەمیان لە رەگەزی نێرینەن (١٠٠٪)، کە بە رێژەی (٦٦.٦٦٪)خاوەنی بروانامەی ئەکادیمیایی بواری راگەیاندن نین. هەروەها (٥٠٪)ی بەرتوێژان پێیانوایە گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە بەڵام رێژەیەکی بەرچاویش (٤١,٧٪) بە ئاستێکی خراپی داناوە، کە هۆکارەکەی بۆ ئاستەنگەکان دەگەڕێننەوە کە سیاسیی و داراییـن، بەتایبەت (٢٤,٥٣٪) پێیانوایە ئاستەنگی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتیی (ناسەقامگیریی سیاسیی، کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد) هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم ئاستەنگییانەن و لەدوای ئەمان (١٧.٦٪)هۆکارەکە بە دارایی و ئابووریی دادەنێن. بەگوێرەی رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە لای (٥٠٪) و بە گوێەی (٤١.٧٪) هەرگیزە، کە بتوانێت وەک چاودێر بەسەر سی دەسەڵاتەکەدا و کارەکانی بکات. ئەنجامەکان دەربارەی رۆڵی سەرجەم دەستگا پێوەندییدارەکان خراپن بە رێژەی جیاواز بەڵام بەرز، کە نەبوون بە مایەی رەزامەندیی رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاریی لە کارەکانیاندا. دواتریش، لەگەل بەرتەسکی داتاکان وەک ژمارەی بەرتوێژەکان، بەڵام گەشبینییەک هەیە بۆ بینینی ئایندەیەکی باش بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی و، لەوێوە گۆڕانکاریی گەورە درووستبکات.

**کلیلە وشەکان: ئاستەنگ، راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ئاسۆکانی گەشەکردن، راگەیاندنکاری بنکۆڵکار**

Recieved: 30/5/2022

Accepted: 24/6/2022



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئەو مۆدێلە نوێیەی ڕاگەیاندنە، کە کار لەسەر ئاشکراکردن و خستنەڕووی گەندەڵیی و لادانەکان دەکات، هۆیەکی سەرەکییە بۆ خستنەڕووی ئەو گەندەڵیی و لادانانەی لەلایەن لایەنێک یاخود گرووپ و دەسەڵاتەوە بەجێدەهێنرێت، لەم مۆدێلەی ڕاگەیاندندا ئەرکە ڕاستەقینە و سەرەکییەکەی ڕاگەیاندن کە چاودێرییکردنە بەرجەستەدەبێت، چونکە، ڕاگەیاندن بە تەواوکەری سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) دادەنرێت، هۆیەکە بۆ چاودێرییکردنی کایەکانی دەسەڵات، هەربۆیە بەردەوام ئەم مۆدێلەی ڕاگەیاندن، ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لەنێو سیستمە جیاوازەکانی حوکمڕانییدا.

کارکردن لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکارییدا، ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، بەتایبەت ئاستەنگە سیاسیەکان، دواجار هۆکارێکن بۆ فراوانبوونی ئاستەنگییەکانی تر، ئەو کاتەی، سیستەمی سیاسیی ڕێگەخۆشکەرە لە بەردەم کارکردنی ڕۆژنامەوانانددا، ئاستەنگییەکانی تریش کەمدەبێتەوە و، ئازادیی کارکردن فەراهەمدەبێت، گومانی تێدانییە لە ژینگەی دیموکراسیی و ئازادیی دا، پراکتیزەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی بە شێوە جۆراوجۆرەکانیەوە و، ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەتایبەت، ڕێگەخۆشکەری سەرەکیین.

ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بۆ سێ باسی سەرەکیی، کە بریتیین لە: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، تیایدا کێشە، بایەخ، ئامانج، نموونەپشکنینی (سامپڵ) و میتۆدی بەکارهاتوو، سنووری توێژینەوەکە و ئامڕازە بەکارهاتووەکان دەستنیشانکراوە، لەگەڵ نمایشکردنی توێژینەوەکانی پێشوو.

باسی دووەمیش، کە تایبەتە بە بیردۆزنامەی توێژینەوەکە و، تێیدا ناساندنی چەمکی بنکۆڵکاریی، مێژووی بنکۆڵکاریی، باسکردن لە تایبەتمەندییەکانی بنکۆڵکاریی، ئەرکی چاودێرییکاریی و ئاستەنگەکانی بەردەم بنکۆڵکاریی ئاماژەیانپێکراوە.

لە کۆتاباسیشدا، بەشی کرداریی توێژینەوەکە هاتووە، کە بریتییە لە گۆشەنیگای ڕاگەیاندنکارانی بنکۆڵکار لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بابەتەکە.

### توێژینەوەکانی پێشوو:

١- (پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، ماستەرنامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە. (١)ئەم توێژیینەوەیە ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی وەک نموونەپشکنین وەرگرتووە و، توێژینەوەیەکی وەسفییە و بە ڕێکاری ڕووپێویی بەجێهێنراوە بۆ دەستکەوتنی دەرەنجامەکانی. لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە: نزمیی پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکارییە لە هەرێمی کوردستاندا، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆژنامەنووسان لە لایەک و، دۆخی هەرێمی کوردستان لە لایەکی تر. هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا هەیە، کە کاریگەریی نەرێنیان کردۆتەسەر کەم بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرییکاریی دەسەڵات کەمیی ڕاگەیاندن.

٢- (ڕۆڵ و گرنگیی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە، دیید و بۆچوونی بەڕێوبەری دەزگا میدیاییە چاپکراوەکانی شاری سلێمانییە، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگیی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی) (٢). بەهەمان شێوە ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری وەسفییە و ڕێکاری ڕووپێویی گرتۆتەبەر.

توێژینەوەکـە گەیشـتووە بـەو دەرئەنجامەیکـە بایەخـدان بـە رۆژنامەوانیـی بنکۆڵکاریـی لـە گۆڤـار و رۆژنامەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا، لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، کـە بـە پلـەی یەکـەم بـۆ نەبوونـی رۆژنامەنوسـیی بنکۆڵـکار و کەمتەرخەمیـی رۆشـنبیران دەگەڕێتـەوە.

٣- (الصحافـة الاسـتقصائية كنمـط مـن مسـتحدث في الصحافـة العربيـة)،(٣) تێزێکـی دکتۆرایـە پێشکەشکراوە بـۆ بەشـی راگەیاندنـی زانکـۆی (المینـا) لـە میـسر. توێژینەوەکـە تایبەتـە بـە کارکردنـی راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی وەک نمونەیەکـی نوێـی کاری راگەیانـدن و، مەبەسـتییەتی پێگـەی راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی و کێشـەکانی بەردەمـی لـە راگەیاندنـی وڵاتـی میـسردا دیاریبـکات توێژینەوەکـە متمانـەی لەسـەر وەرگرتنـی بۆچوونـی دەسـتەبژێرێک لـە پسـپۆڕانی بوارەکـە و ئەکادیمییانـە، بـە وەرگرتنـی دیدیـان بـۆ ئایندەی ئـەم مۆدێلـە نوێیـەی راگەیانـدن. توێژینەوەکـە بـە میتـۆدی وەسـفیی و گرتنەبـەری رێـکاری چاوپێکەوتنـی قـوڵ لەگـەڵ راگەیاندنکارانـی بنکۆڵـکار و راپێویـی لەگـەڵ پسـپۆڕان و ئەکادیمییانـی بوارەکـە کـراوە. لـە گرنگتریـن ئـەو دەرەنجامانـەی توێـژەر پێیگەیشـتووە: راگەیاندنکارانـی بنکۆڵـکار، رۆشـنبیرییەکی باشـیان هەیـە دەربـارەی مۆدێلـی کارکردنەکـە، نموونەپشـکنینی توێژینەوەکـە هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی کـە پێگـەی راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی لـە میسر هەنگاوی باشـی بڕیـوە، هەروەهـا سەرپەرشـتیارانی راگەیاندنـەکان هیچ هێڵێکـی سـووریان بـۆ رۆژنامەنووسـان دیارینەکـردووە بـۆ کارنەکـردن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهـۆی ژینگـەی کارکردنـەوە رووبـەڕووی چەندیـن ئاسـتەنگ و کێشـە دەبنـەوە، بـە پلـەی یەکـەم فەراهەمنەبوونـی ئازادیـی رادەربڕیـن. هەروەهـا دەتوانرێـت پەرەبدرێـت بـە راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی لـە ئاینـدەدا، بـە دابینکرنـی بودجـەی گونجـاو و رەخسـاندنی هـەل بـۆ دامـەزراوەی ئەهلیـی بـۆ پاڵپشـتییکردنی دارایـی ئـەم مۆدێلـەی راگەیانـدن.

٤- (٢٧-Deterrence of fraud with EU funds through investigative journalism in EU) (٤) توێژینەوەکـە گوزارشـت لـە دۆخـی رۆژنامەوانیـی بنکۆڵکاریـی دەکات لـە ٢٧ وڵاتـی ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپـا، لەگـەڵ سـەرنجدان لەسـەر (دانیـمارک، هەنگاریـا، ئیتالیـا، رۆمانیـا، ئیسـپانیا، بەریتانیـا) و سـەرنجێکی تایبـەت لەسـەر کارلێککردنـی نێـوان دامـەزراوە ئەوروپاییـەکان و رۆژنامەنووسـانی بنکۆڵـکار. توێژینەوەکـە مەرجەکانـی کارکـردن دەردەخـات، هەوڵەکانـی فراوانکـردن و رێگرییـەکان لـە رۆژنامەوانیـی بنکۆڵکاریـی بـە گشـتیی دەستنیشـاندەکات، بەتایبـەت بـۆ راپۆرتکـردن لەسـەر سـاختەکاریی لەگـەڵ دەرماڵـەی یەکێتیـی ئەوروپـا و داهاتەکانـی.

ئـەم توێژینەوەیـە بـە میتـۆدی وەسـفیی کریکـردووە، شـێوازی ناخشـیکاریی و راپێوییکاریـی بەکارهێنـراوە، لـە ناخشـیکارییەکەدا توێـژەر کاری لەسـەر ئـەو بابەتـە بنکۆڵکارییانـە کـردووە، کـە لـە راگەیاندنەکانـی وڵاتانـی ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپـا، کـە نموونەپشـکنینی توێژینەوەکـەن، بڵاوکراوەتـەوە، لـە راپێوییەکەشـدا نموونەپشـکنینی (١٠٠) کەسـی لـە راگەیاندنـکاری راهێـنراو لـە پەیمانـگای راهێنانـی رۆژنامەوانیـی بنکۆڵکاریـی وەرگرتـووە، توێژینەوەکـە گەیشـتووە بـە چەنـد دەرئەنجامێـک، دیارترینیـان: «هیـچ ناوەندێکـی تایبـەت بـە رۆژنامەوانیـی بنکۆڵکاریـی لـە ئیسـپانیادا نییـە، سـەرباری ئـەوەی کـە چەندیـن دۆسـیەی گەندەڵیـی دۆزراوەتـەوە لـەو وڵاتـەدا، وەک خـراپ بەکارهێنانـی پـارە بـە گشـتیی، لەلایـەن سیاسـەتمەدارەکانەوە لـە حکومەتـە ناوخۆیـی و هەرێمییەکانـەوە.»

### دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

بـە پێویسـت زانـرا کـە مانـا و مەبەسـتی ئـەو چەمـك و زاراوە سـەرەکییانە روونبکرێنـەوە کـە بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە بەکارهێـنراون:

أ. ئاستەنگ: بریتییە لەو كۆسپ و تەگەرانەی دەخرێنە بەردەم دەركەوتن و گەشەكردنی بەجێهێنانی كارێک، یان دیاردەیەک، یان بەڕێوەبردنی پرۆسەیەک.

ب. راگەیاندنی بنكۆڵكاریی: مەبەست لێی ئەو مۆدێلە نوێیەی كاری راگەیاندنە، پشتەبەستێت بە پەیپێبردنی وردی رۆژنامەنوس بۆ ئاشكراكردنی راستییەكان، كە بە مەبەست یاخود بێ مەبەست هەوڵی پەردەپۆشكردنی دراوە.

ج. هەرێمی كوردستانی عیراق: یەكەیەكی سیاسیی فیدراڵە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دا، كە پارێزگاكانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین و گەرمیان دەگرێتەوە. خاوەنی (حكومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەریی و ئاڵا)ی خۆیەتی.

د. ئاسۆكانی گەشەكردن: بریتییە لە ئومێد و هەموو ئەو خاڵە گەشانەی لەسەر رێگای گەشەكردن و ئایندەی كارێک، یان پرۆسەیەک دەبینرێن.

هـ. راگەیاندنكاری بنكۆڵكار: لێرەدا، مەبەست لەو رۆژنامەنوسانەیە، كە كاری راگەیاندنی بنكۆڵكاریی ئامادەدەكەن و، لە یەكێک لە كایەكانی راگەیاندندا (نووسراو، بیستراو، بینراو و ئەلیكترۆنیی)، یان وەک سەربەخۆ كاردەكەن.

# بەشی یەكەم: تیۆرییینامەی توێژینەوەكە

## چەمكی بنكۆڵكاریی

بنكۆڵكاریی[١]* لە فەرهەنگی زمانی كوردییدا تاڕادەیەك نوێیە، وەكچۆن جۆری راگەیاندنەكە بۆ خۆی مۆدێلێكی نوێیە لە دنیای راگەیاندندا، بەو هۆیەشەوەیە هەندێجار وشەیتر لە بەرامبەری بەكاردەهێنرێت، وەك: (بەدواداچوون، لێكۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی، كنەوپشكنین، ... تاد)، بەڵام لە ئێستادا زۆرینە (بنكۆڵكاریی) بەكاردەهێنن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت وشەكە تاڕادەیەك لە فەرهەنگی راگەیاندنی كوردیدا چەسپاوە.

وشەی بنكۆڵكاریی لە زمانی كوردیی دا، وشەیەكی لێكدراوە لە هەردوو وشەی )بنكۆڵ+كردن(پێک دێت، لە فەرهەنگە كوردییەكاندا بە چەندین شێوە ماناكراوە، وەكو:بنكۆڵ: (بن + كۆڵ( بنكەن، بنكەند، لەگەڵ (كردن) دێت ئەم مانایانە دەدات، هەڵكۆڵینی بنی دیوار بۆ پشكنیین یان روخاندن، هەڵكەندنی دەوروبەری رەز و دار و توتن بۆ باشتر ئاو خواردنەوەی.(٥)

هەندێكات لەكۆمەڵدا بە سەگی پاسەوان (Watchdogs) ناودەبرێت، بەومانایەی پارێزەری كۆمەڵە و دەبێتە چاودێر بەسەر كایەكانی دەسەڵاتەوە و وەك «دەسەڵاتی چوارەم» كاردەكات، كە ئەركی چاودێریكردن یەكێكە لە ئەركە سەرەكیی و جیاكەرەوەكانی كاری بنكۆڵكاریی. (٦) .

## پێناسەی بنكۆڵكاریی

بنكۆڵكاریی، وەك هەر بوارێكی تری زانستەمرۆییەكان چەندین پێناسەی بۆ كراوە، بە چەندین شێوە لەلایەن رۆژنامەنوسان، ئەكادیمییانی بوارەكە و رێكخراوانی تایبەت بە بنكۆڵكاریی، كە تاڕادەیەك پێناسە و ناساندنەكان دەچنە یەك چوارچێوەوە، یەكانگیرییەك بەدیدەكرێت لە ناساندنەكاندا. وەك لە كتێبی (Global Investigative

---

[١]* بنكۆڵكاریی: بۆ یەكەمجار لەلایەن (پ. د. هێرش رەسوڵ موراد) پسپۆری راگەیاندن و مامۆستای زانكۆ و نوسەر, بەكارهاتووە. (عەلی، ٢٠١٧، ل٤١)

Journalism ) باسی لێکراوە: پێناسەکانی بنکۆڵکاریی جیاوازن، ئەگەرچی لەنێوان گروپە پیشەییەکانی رۆژنامەنووسییدا رێککەوتنی فراوان هەیە لە پێکهاتەی سەرەکی: سیستماتیک، قوڵ، و توێژینەوەی بنەڕەتیی و راپۆرتکردن، هەروەها زۆربەی کات لە ئاشکراکردنی نهێنییەکان و کەسانی تێوەگلاو، هەندێکی تر تێبینی ئەوە دەکەن، کە کردارەکەی زۆرجار بەکارهێنانی زۆری سەرچاوە و جەختکردنەوەیە لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و بەرپرسیارێتیی(٧).

رێکخراوی ئەمریکیی بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریی پێیوایە، رۆماڵکردنێکی هەواڵە بەشێوەیەکی قوڵ، ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە کەسێك دەیەوێت بە نهێنیی بیهێڵێتەوە، یان شکست و سیاسەتە نادروستەکان نیشاندەدات، لە رێگای هەوڵی تاکەکەسیی رۆژنامەنوسەوە. (٨)

(یونسکۆ- ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیریی) لە کتێبی (-Story based inquiry: a manual for investigative journalists)، کە تایبەتە بە راگەیاندنی بنکۆڵکارییی، پێیوایە، رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی واتە پەردەلادان لەو بابەتانەی کە بەمەبەست لەلایەن کەسێکەوە لە پێگەی دەسەڵاتدا دەشاردرێتەوە، یان بەرێکەوت لە پشت بارستەیەکی پڕ لە راستیی و هەلومەرجەوە وندەبێت، بنکۆڵکاریی شیکردنەوە و بەرکەوتنی هەموو راستییەکی پەیوەندیدار بە رایگشتیی، بەم هۆیەشەوە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی بە شێوەیەکی زۆر گرنگ بەشداریدەکات لە ئازادیی رادەربڕین و گەشەپێدانی میدیایی. (٩)

مێژوویی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی هاوشێوەی راگەیاندنی ئاسایی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستای کەبووەتە مۆدێلێکی گرنگ لە کایەی راگەیاندندا و بەجۆرێک بووەتە مۆدێلێکی جیهانی دیار.

سەرەتای سەدەی بیستەم و بە دیاریکراویی ساڵی (١٩٠١) کۆمەڵێک رۆژنامەنوس لە ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بەدەرکەوتن، کە دواجار بە (لێکۆڵەرانی گەندەڵیی- Mack Rekers ) ناودەبران، کاریان لەسەر دۆسیەی گەندەڵیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و پیشەیی دەکرد (١٠).

هەندێک لە توێژەران دەرکەوتنی لێکۆڵەرانی گەندەڵیی بە سەردەمی ئاڵتونی ناودەبەن، بە تایبەت بۆ رۆژنامەی (ماک کلوێر- McClure) کە چەندین راپۆرتی بڵاوکردەوە کە، دەرخەری راستییەکان بوو تیایدا ئابڕوچونە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئاشکرا کرد و، رۆژنامەنوسەکانیش بوونە ئەفسانە لە مێژووی رۆژنامەگەریی ئەمریکا. (١١)، بەتایبەت لەوسەردەمەدا بەهۆی خێرا فراوانبوونی پیشەسازی لەدوای جەنگی ناوخۆی ئەمریکا، بووە هۆی پەرەسەندنی ستەم و پاوانکاریی و قۆرخکاریی و دروستبونی دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا، ئەم گروپە رۆژنامەنوسە توانیان سەرکەوتوبن لە بڵاوکردنەوەی بەدواداچونەکانیاندا و ئاشکراکردنی بابەتە نهێنییەکان، بە پشتبەستن بە بەڵگەی فەرمیی، بەجۆرێک توانیان چاکسازی دیموکراسیی لە ئەمریکا بەرپابکەن، بەهاوکاری رۆژنامەی (ئید تاربیل) کە بابەتەکانی بۆ بڵاودەکردنەوە و پشتگیریدەکردن. (١٢)کارەکانی ئەم گروپە بووەتە ناسنامەی رۆژنامەنوسانی بنکۆڵکار کە تا ئێستاش بەوناوەوە ناودەبرێن.

کارەکانی لێکۆڵەرانی گەندەڵیی هاوکات بوو لەگەڵ فراوانبونەکانی ئەو سەردەمە (شۆڕشی پیشەسازیی)، کە تیایدا پێشێلکاریی بەرامبەر کرێکاران و جوتیاران و چینە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵی رۆژئاوا زیادیکردبوو(شۆڕشی پیشەسازیی بەرهەمی ۆژئاوا بوو) بەتایبەت بەهۆی زۆرێک لە یاساکان کە، مافی خاوەنکار و کارگەکان لەپێشتربوو، پاوانکارییەکان لە پەرەسەندندابوون، بنەماکانی سەلامەتیی و پاکوخاوێنیی پیشەسازیی خۆراک

ڕەچاونەدەکـران، هەروەهـا منـداڵان لەژێـر فشـارو کاری زۆر و تاقاتپڕوکێنـدا ژیانیـان بەسـەردەبرد، بەرامبـەر کرێیەکـی کـەم، کێشـەی کۆچبەرانیـش کـە لەشـوێنی نەشـیاودا ژیانیـان دەکـرد و جیـاوازی چینایەتیـی و نەتەوەیـی لـە لوتکەدابـوو، کارەکانـی ئـەم گروپـە بـووە هـۆی ئاشـکراکردنی سـەرجەم ئـەو پێشـێلکاریانە و بەرپاکردنـی چاکسـازیی و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی . (١٣)

بایەخی بنکۆڵکاریی لە راگەیاندندا

راگەیانـدن بەشـێوە گشـتییەکەی بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە کۆمـەڵ و ڕەنگدانـەوەی پـەروەردەی کۆمەڵگاکەیەتـی، ئەگەرچـی خـودی خـۆی بـە بەشـێک لـە پـەروەردە دادەنرێـت و دەتوانێـت کاریگەریـی لەسـەر تاکەکانـی کۆمـەڵ دروسـت بـکات.

هەندێک لە توێژەران ئاماژە بە چەند گرنگییەکی کاری بنکۆڵکاریی دەکەن لەوانە: (١٤)

بەشـێکە لـە کاری چاودێریـی تایبەتمەنـد کـە، دەتوانێـت رایگشـتیی دروسـت بـکات، بەتایبـەت ئەگـەر ئەنجامەکانـی پاڵپشـتی بکرێـت لەلایـەن چەنـد لایەنێکـی سیاسـیی و راگەیاندنـەوە.

ئەرشیفکردنی تاوان و ئابڕووچوونەکانی سیاسەتمەداران و بەرپرسان.

ئامرازێکـە بـۆ گەیشـتن بـە راسـتی لـە سـەرچاوە رەسـەنەکەی، هەروەهـا دەبێتـە ناوەندێکـی ڕێکخـراو بـۆ داتـا وزانیاریـەکان.

دەروازەیەکـی گرنگـە بـۆ دەسـت پێکردنـی لێکۆڵینـەوەکان لـە تاوانـە دارایـی و ئیدارییـەکان لـە لایـەن دەزگاکانـی دەوڵەتـەوە .

ڕێکخـراوی (OECD) ٢*بـاس لـە گرنگـی ڕۆڵـی بنکۆڵکاریـی دەکات و دەڵێـت: راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕیـت لـە هەڵسـەنگاندنی گەندەڵیـی و ڕۆشـنکردنەوەی ڕوبەڕووبونـەوە بـێ بەرگرییـەکان، هەربۆیـە پێیوایـە ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی رۆژنامەوانانـی بنکۆڵـکار نموونەیەکـی بـاڵان بـۆ هـاوکاری نێودەوڵەتیـی کـە، بـە دەرئەنجامـە نەگۆڕەکانیـان سـەرنجی کۆمـەڵ رادەکێشـن بـۆ دەرخسـتنی تاوانەکانـی دارایـی و ئابوریـی و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن. (١٥)

## تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

بەپێـی پێناسـە جیـاوازەکانی بنکۆڵکاریـی و ئـەو گرنگیەیـەی هەیـەتی، لـەو چوارچێوەیـەدا چەنـد تایبەتمەندییـەکی بـۆ دیاریکـراوە کـە دەبنـە هۆیـەك بـۆ زیاتـر ناسـاندنی، گرنگترینیـان ئەمانـەن: (١٦)

١.بنکۆڵکاریـی کارێـکی زهنـی یـە، وەك ئـەو کارانـەی کار لەسـەر کارامەییـەکان دەکـەن، بەومانایـەی کاریگەریـی لەسـەر بیـرو بۆچـون و زهنـی وەرگـر جێدەهێڵێـت.

٢.بنکۆڵکاریـی کارامەییـەکانی توێژینـەوەی زانسـتیی تێـدا پەیڕەودەکرێـت، بەبـوونی وەڵام لەرێـی سـەرچاوەی باوەڕپێکـراو و سـەلمانی، هەروەهـا بەکارهێنـانی فۆڕمـی ڕاپـرسی،و لێکۆڵینـەوە لـە بەیاننامـە و دۆکیۆمێنتـەکان، دواتـر بڵاوکردنـەوەی بـۆ بـەردەم رایگشـتی، ئەگـەر دەرئەنجامـەکانی هەرچۆنێـك بێـت، چونکـە بنکۆڵکاریـی ئامانجـی

٢* ڕێکخـراوی هاوکاریـی و گەشـەپێدانی ئابووریـی (OECD) ڕێکخراوەیەکـی نێودەوڵەتییـە و کار بـۆ بنیادنانـی سیاسـەتی باشـتر دەکات بـۆ ژیانـی باشـتر، ئامانجیانـە ئـەو سیاسـەتانە دروست بکـەن کـە خۆشـگوزەرانی، یەکسانی، دەرفـەت و خۆشـگوزەرانی بـۆ هەمـووان گەشـەپێدەدات،" ٦٠ سـاڵ ئەزمـوون و تێرامـان دەکێشـین بـۆ باشـتر ئامادەکردنـی جیهانـی سـبەینێ".

(PM ٢:٣٥ ٢٠٢١/٧/١) /https://www.oecd.org/about

ئاشـکراکردنە.

٣.بنکۆڵکاریـی کار لەسـەر ئاشـکراکردنی لادانـەکان و هەڵـەکانی دەسـەڵاتداران، لێپـرسراوان و ئاشـکراکردنی گەندەڵییـەکان دەکات، ئامانجـی بنکۆڵکاریـی ئاشـکراکردنی سـەرپێچی و لادانەکانـە، گەڕاندنـەوەی بەرپرسـیاریەتیەکان بـۆ کـەس و لایەنـەکان و ئاشـکراکردنی هـۆکاری لادانـەکان.

٤.لـەکاری بنکۆڵکاریـدا رۆژنامەنـوس لـەو چوارچێوەیـە دەردەچێـت کـە تەنهـا وەك وەرگـر و پەیامبـەر مامەڵـە بـکات وەك لــە راگەیانــدنی ئاســایدا پەیڕەویــدەکات. چونکــە لەبنکۆڵکارییــدا بایەخبەندییــەکانی دەگۆڕێــت و هەمــوو هــەوڵ و کۆششــێك دەکات بــۆ دەســتکەوتنی زانیــاری، کــە بــەردەوام لــەو زانیاریانــە دەکۆڵێتــەوە و ورددەبێتــەوەو، دەیســەلمێنێت دواتــر بڵاویدەکاتــەوە. (١٧)

٥.بنکۆڵکاریـی کارێـکی ئاسـان نیـە، چونکـە هەوڵـی دۆزینـەوەی شـتێکی نـوێ دەدات، کـە پێشـتر کاری لەسـەرنەکراوە، نەخراوەتــەڕوو بەومانایــەی بەقوڵــی و، بــە بەدواداچــوونی وردەوە کاری لەســەرنەکراوە، بەجۆرێــك بوبێتــە هــۆی ئاشــکراکردنی راســتیەکان، چونکــە ئــەوە بنکۆڵکارییــە بــەدوای زانیاریــە شــاراوەکاندا دەگــەڕێ و لەســەرچاوە ســەرەکیەکانەوە بــە بەڵگــەوە زانیارییــەکان دەســەلمێنێت و دەیانخاتــەڕوو، دەچێتــە قوڵایــی بابەتــە جیاوازەکانــەوە. (١٨)

٦.لــە بنکۆڵکارییــدا رۆژنامــەوان ســود لەســەرجەم ســەرچاوە جیــاوازەکان دەبینێــت، لەرێــی گفتوگــۆ و دوانــدنی کــەس و لایەنــەکان و دۆکۆمێنــت و بەیاننامــە رەســمی و بڵاوکراوەکانــەوە، دەیانخاتــە بــەردەم خوێنــەرانی بابەتــە بنکۆڵکارییەکـە، بەبـێ بـوونی هەڵـە و کەموکـورتی بەپاراسـتنی بنەمـای بێلایـەنی و بابـەتی بـوون و راسـتگۆیی.(١٩)

## ئەرکی چاودێرکاریی راگەیاندن و هاتنەکایەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

هەندێــك لــە توێــژەران وایدادەنێــن، ئــەرکی چاودێریکــردن بەشــێوەیەکی نمونەیــی هێــز و بــوونی راگەیانــدن دەردەخــات لــە چاودێریکــردنی دەســەڵات، بەتایبــەت چاودێریکـردنی لێپـرسراوە حکومیـەکان لـە بابەتـەکانی پەیوەسـت بــە هەڵســوکەوتەکانیان، هــەروا ئــەرکی چاودێریکــردن شــۆڕدەبێتەوە بــۆ نێــو تێــۆرە کلاســیکیەکانی تایبــەت بــە ئازادیــی دیموکراســیی کــە، رۆڵــی راگەیانــدن لــە کۆمەڵــدا دەردەخــات، بەپێــی ئــەم بۆچونــە کاری ســەرەکی راگەیانــدن، خــۆی لــە چاودێریکــردنی دەســەڵات و گــەڕان بــەدوای پێشــێلکارییەکانی دەســەڵاتی گشــتیی و نەهێشــتنی گەندەڵیــی و زیادکــردنی زانیاریــەکانی تایبــەت بــە کاروبــارە گشــتییەکان لای جەمــاوەر دەبینێتــەوە. (٢٠)

(عەلـی) لـە توێژینەوەکەیـدا ئامـاژەی بەوەکـردووە «هەندێـك لـە شـارەزایانی بـواری رۆژنامەنووسـیی بۆچوونیـان وایـە، کاتێـك رۆژنامەنـووس دەتوانێـت وەك دەسـەڵاتێك ئەرکـی چاودێرکاریـی ببینێـت کـە»(٢١)

أ- رۆژنامەنووســی جەماوەریــی بێــت: واتــە ســەر بــە دەســەڵات حــزبو پێکهاتــەو ئایدۆلۆیایەکــی دیاریکــراوو تایبــەت نەبێــت، بەڵکــو تەنهــا ئامانجــی بەرژەوەندیــی گشــتییو گوزارشــت بێــت لــە بیــروڕای جەمــاوەرو رۆڵــی چاودێرکاریــی جەماوەریــی بەســەر دەســەڵاتەوە ببینێــت.

ب- رۆژنامەنووســی ئــازاد بێــت: بــە واتایەکــی تــر بــە شــێوەیەکی ئــازاد پەیــڕەوی ئــەرکو رۆڵــی خــۆی بــکات دوور لــە هەمــوو فشــارو دروســتکردنێکی کاریگــەر و، هەڕەشــەیەکی دەســەڵات لەســەری، تاوەکــو لــەو رێگەیــەوە ببێتــە جێــی متمانــەو بــاوەڕی جەمــاوەر و بــە ئاوێنــەی راســتیی بزانــن.

ج- رۆژنامەنووسی بەرپرسیار بێـت: بەرژەوەندیـی گشـتی لەبەرچـاو بگرێـت دوور لـە وروژانـدن، بـە ئامانجگرتنـی

دەزگاو دامەزراوەکان.

بـۆ بەجێهێنانـی ئەرکـی چاودێرکاریـی ڕۆژنامەنووسـیی، ئامـرازە جۆراوجۆرەکانـی ڕاگەیانـدن دەبنـە ناوەندێـك بـۆ تۆمارکـردنو بڵاوکردنـەوەی گەندەڵیـی و هەڵـەو لادانـەکان لـە دامەزراوەکانـی کۆمەڵـدا، ئـەوەش لـە پێنـاو پاککردنـەوەی کۆمـەڵ لـە سـەرجەم دیاردەکانـی گەندەڵیـی، هـەروەك ڕۆژنامەنووسـیی ڕۆڵ دەبینێـت لـە ڕێککردنـەوەو چاککردنـەوەی پێشـوەختی خـودی، ئـەوەش لەڕێگـەی پێدانـی زانیاریـی بـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، بـە ئامانجـی دەرکردنـی بڕیـار بـۆ گۆڕانـکاری و ڕاسـتکردنەوەی هەڵـەکان.(٢٢) ڕاگەیانـدن وەك دەسـەڵاتێکی چاودێریکـردن لەڕێگـەی ئامـڕازەکانی تاوتوێکردنـەوە دێتـە نێـو پرۆسـەی بەرەنگاربونـەوەی گەندەڵییـەوە، بەجۆرێـك لـە زۆرێـك لـە توێژینـەوە یاسـایی و میدیاییـەکان ئامـاژە بەوەکـراوە ڕێکخـراوە گشـتیی و تایبەتـەکان هەوڵیانـداوە کەرەسـتە و ئامـڕازی کارا بهێننـە کایـەوە بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەو دیادەیـە بـۆ کەمتریـن ئاسـت، کـە بریتیـن لـە خۆپارێـزی و چارەسـەر بـە دووبـارە پێداچونـەوە و هەڵسـەنگاندنی پـلان و ئامانجـەکان تـا دەگات بـە ڕێوشـوێنی جێبەجێکـردن. (٢٣)

## ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی

ڕۆژنامەنـوس خـاوەن پیشـە و کارێکـی زۆر گرنگـە لـە کۆمەڵـگادا و هەڵگـری پەیامێکـی بـەرز و پیـرۆزە، ڕۆڵـی هەیـە لـە دۆزینـەوەی هەڵەکانـی حکومـەت و دەرخسـتنی دیـاردە خراپەکانـی نێـو کۆمـەڵ، بەبوونـی ئـەوان کۆمەڵـی ئـازاد بوونـی هەیـە و، دەتوانرێـت سیسـتمی سیاسـیی کۆمەڵـگاکان بناسرێتـەوە بـە بوونـی ڕۆژنامەوانـی ئـازاد. (٢٤)ئەگـەر ڕۆژنامەنـوس ئازادبێـت و ژینگـەی کارکردنـی گونجـاو بێـت دەتوانێـت ببێتـە دەسـەڵاتی چـوارەم و ببێتـە چاودێـر بەسـەر کایەکانـی دەسـەڵاتەوە.

لـە سیسـتمە دیموکراتییەکانـدا ئەوانـەی کاروبـاری دەوڵـەت بەڕێوەدەبـەن بـە نوێنـەری گـەل دادەنرێـن و هـەر هاوڵاتیەکیـش مافـی هەیـە بۆچونـی خـۆی لەبـارەی شـێواز و چۆنییەتـی ڕاپەڕاندنـی کارەکانیانـەوە دەربڕێـت. لەکاتـی سـەرپێچی و لادانـدا ڕەخنەیـان ئاڕاسـتە بـکات، ڕۆژنامەنوسـانیش لـەو چوارچێوەیـەدا بـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو ڕەخنـەو بۆچونانـە ئەرکـی چاودێریـی دەبینـن. (٢٥)

ڕۆژنامەنوسـانیی هەرێمـی کوردسـتان ئـەو ڕاسـتیە دەزانـن و جەختـی لێدەکەنـەوە ئەرکـی چاودێرکاریـی لـە گرنگتریـن ئەرکەکەنـی ڕاگەیاندنـە، بـەڵام ڕێگریـە سیاسـیەیکان لـە دیارتریـن ڕێگرییەکانـن، لەگـەڵ نەگونجـان لەگـەڵ مافـی دەسـتکەوتنی زانیـاری کـە، یەکێکـە لـە پێویسـتییەکانی کاری چاودێرکاریـی.(٢٦) ئەگـەر ئەرکـی چاودیرکاریـی وەک ئەرکێکـی ڕۆژنامەنوسیی بـۆ خەڵـک پێویسـت بێـت، لـەوەش زیاتـر بـۆ دەسـەڵات و سیسـتمی بەڕێوەبـردن پێویسـتە، بەجۆرێـک بـۆ سـتراتیژ و میکانیزمـی کارکردنـی سـودیان لـێ وەربگرێت، چونکـە ڕاگەیاندن لـە ڕێگـەی چاودێریکردنەوە بـە گواسـتنەوەیەکی واقعییانـە و دوور لـە ڕتـوش و جوانکـردن و شـاردنەوەی فاکتـەکان، ڕونیدەکاتـەوە کامـە پـرس و دیـاردە جێگـەی ناڕەزایەتـی خەڵکـە. (٢٧)

پەیڕەوکردنـی ئەرکـی چاودێرکاریـی واتـە فەراهەمبوونـی دەسـەڵاتی چـوارەم، ئەوکاتـەی دەسـەڵاتی چـوارەم بوونـی دەبێـت، ڕاگەیانـدن تـەواوی ئەرکەکانـی خـۆی جێبەجـێ دەکات، بەتایبـەت ئەرکـی چاودێرکاریـی کـە شـوناس و ناسـێنەری دەسـەڵاتی چوارەمـە. بـوون بـەم دەسـەڵاتەش ئاسـتەنگی هەیـە، (٢٨) ئاسـتەنگەکانی بـە (٦) ئاسـتەنگ دەستنیشـانکردووە، (ئاسـتەنگی سیاسـیی، ئابووریـی، یاسـایی، کۆمەڵایەتـی، پیشـەیی، ئایینـی، هەرێمایەتیـی و

نێودەوڵەتیی) کە هەریەکێکیان بۆخۆی کۆت و بەندێکن، دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم یەکێکیان دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ دروستبوونی ئاستەنگەکانی تریش.

بەبڕوای زۆرێک لە شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن بەرەودان و کارکردن لە چەند سۆنگەیەکەوە ڕێگەخۆشکەرن تا ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی چوارەم بناسرێت و ئەرکی چاودێرکاریی بەجێبهێنێت، لەوانە گەشەسەندنێکی سیاسیی ڕاستەقینە لە کوردستان ڕوویدات، هەروەها دروستکردنی زەمینەی دروست و تەندروست بۆ گەشەکردنێکی ڕاستەقینەی میدیاکان لەڕووی ئابورییەوە، لەگەڵ بوونی فاکتەرێکی تری گرنگ کە ئەویش پێشخستنی یاساکانە. (٢٩)

## بەشی دووەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### رەگەزەکان:

دەستنیشانکردنی کێشەیەک بۆ توێژینەوە، لە گرنگترین هەنگاوی بەجێهێنانی هەر توێژینەوەیەکی زانستییە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پرسیارێکی سەرەکییەوە خۆی دەبینێتەوە: چۆن ڕاگەیاندنکارانی بنکۆڵکار، دەڕواننە ئاستی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا؟ لێرەشەوە، دەستنیشانکردنی هۆکار و ئاستەنگەکان، هەروەها کەموکووڕیی و کێشەکانی بەردەمی، لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێرییکاریی، بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) و ئاسۆکانی ئایندەی ڕاگەیاندنەکە.

بێگومان، توێژینەوەکە تەنها بایەخی هەر وەڵام دۆزینەوە و پێوەستەکانی ئەو پرسیارە نییە، بەڵکو جەخت لەسەر چەند گرنگگیەکی تریش دەکاتەوە کە دواجار هەموو پێکەوە بوخچەیەکی تەواوی بابەتەکە دەدات بەدەستەوە. ئەو بایەخانەش هەریەک لەم لایەنانە دەگرنەوە:

١. تیۆر و لایەنی زانستیی: لەپێناوی گەشەپێدانی لایەنی ئەکادیمیایی و تیۆرییبۆ ڕاگەیاندن.

٢. کۆمەڵگە و نیشتمان: لە بایەخی لێکۆڵینەوە بنکۆڵکارییەکان و کاریگەرییان بۆ سەر کایە جیاوازەکانی کۆمەڵ سەرچاوەدەگرێت.

٣. کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسیی: لەپێناوی کاراکردنی ڕاگەیاندن و پێشخستنی کەناڵەکان، بە تایبەت ئەم مۆدێلە نوێیەی ڕاگەیاندن.

بۆئەم مەبەستە، کۆمەڵی توێژینەوەکە، هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵی توێژژینەوەکە کاری لەسەر کراوە، بەوەرگرتنی ڕاگەیاندنکارانی بنکۆڵکاران لە سەرجەم پارێزگاکاندا وەک نموونەپشکنیینی (سامپڵ) شیکارکردن. ڕاگەیاندنکارانی بنکۆڵکاران هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە لە کایەی ڕاگەیاندن دا، بە فەرمیی یان بە سەربەخۆ (Freelance) کاردەکەن و ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی ئامادەدەکەن. بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاریی ورد و دەرئەنجامی بەرچاو لە دیارییکردنی ڕەوش و ئەدا و مەودای کاریگەریی و کەموکووڕییە نیگەرانداراوەکان، چەند سنوور و تایبەتمەندێتییەک بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان ڕەچاوکراوە، لەوانە:

أ. شوێنی ڕووپێوویکردنی وەڵام پرسیارەکە: لە ڕووی شوێنەوە ئیدارەی هەرێمی کوردستان، سەرجەم پارێزگاکان دەگرێتەوە، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەخشی لێوەدەکەن.

ب. کاتی دیارییکردنی ڕەوشەکە: بریتییە لە تەواوی مانگەکانی هەردوو ساڵی (٢٠٢١ و ٢٠٢٢)، کە لەو ساڵانەدا

تاڕادەیـەک کاری بنکۆڵکاریـی گەشەسـەندنی بەخـۆوە بینییـووە و، بـەو هۆیـەوە پرسـیارکراوە لەبـارەی ئاسـت و ئاسـتەنگ و ئاسـۆی راگەیاندنـی بنکۆڵکارییـەوە.

ج. رۆڵی مرۆیی:  کە تەنها راگەیاندنکارانی بنکۆڵکار دەگرێتەوە لەناو هەرێمی کوردستاندا.

بـۆ ئامادەسـازیی کاری کرداریـی لـە کۆکردنـەوەی زانیاریـی پێویسـت بـۆ توێژینەوەکـە و گەیشـتن بـە دەرئەنجامـی ورد و بەرچـاو، دوو ئامـراز بەکارهاتـووە:

أ. چاوپێکەوتنـی قـووڵ: ئامرازێکـە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی و گۆشـەنیگای پێویسـتی توێژینـەوە لـە کەسێتییە پسـپۆڕ و تایبەتمەنـد و پەیوەسـتدار بـە پرسـە جیاجیـاکان.

ب. سـەرنجدان: لـە توێژینـەوە وەسـفییەکاندا، سـەرنجدان یەکێکـە لـە ئامـڕازە گرنگـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی و روونکردنـەوەی دۆخـەکان.

**جۆری کاری توێژینەوەکە:**

بەپێـی ئـەو سـۆراخانەی کـە توێژینەوەکـە گرتوویەتیەبـەر، میتـۆدی وەسـفیی بـە گونجاوتریـن رێگـە دانـراوە لەڕێـی بەکارهێنانـی چاوپێکەوتنـی قووڵـەوە، کـە بتوانێـت لـە شـییکردنەوەی داتـاکان بکۆڵێتـەوە و شرۆڤـەی تـەواوی هەبێـت بـۆ ئـەو هـۆکار و جۆراوجۆریـی و تەبایـی و ناتەباییانـەی کـە گـۆڕاوە بەهەندگیـراوەکان هەیانـە لـە دیارییکردنـی ئاسـتەنگەکانی راگەیاندنـی بنکۆڵکارییـدا، کـە دواجـار لـە ئامانجەکانیشـیدا سـەرکەوتووانە هاتۆتەدیی.

ئامـڕازی چاوپێکەوتنـی قـووڵ لـە رێـی فۆرمێکـی راپرسـییەوە بەجێهێـنراوە کـە ئـەو زانیارییانـەی لێکۆدەکرێنـەوە کـە شـیکردنەوەکان متمانـە دەکەنـە سـەریان.

بـە مەبەسـتی کارکـردن لەسـەر داتاگەلێـک کـە شـیاوی ئـەم توێژینەوەیە بـن لـە  بەخشـینی دڵنیایـی دەرئەنجامەکاندا، دوو پێـوەر بەکارهێـنراون کـە بریتییـن لە:

پێـوەری رووالەتـە درووسـتیی: بـە مەبەسـتی دڵنیابـوون لـە کارایـی فۆرمـی راپرسـییەکە و، گونجانـی لەگـەڵ بابەتـی توێژینەوەکـەدا و، پشتبەسـت بـە رووالەتـە درووسـتیی، ژمارەیـەك (شـارەزای ئاکادیمیایـی)٣* هەڵسـەنگاندنیان بـۆ کـردووە.

رێژەی رووالەتە درووستیی= کۆی بڕگە درووستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠

بۆیـە، رووالەتـە درووسـتیی=( ٩٥ ÷ ١٣٠ ) × ١٠٠ =( ٧٣.٠٧٪)، ئـەم رێژەیـە ئاماژەیـە بـۆ بەرزێتیـی راسـتیی کارایـی راپرسـییەکە.

پێوەری جێگیریی:

٣* ١. پ. ی. د. حەبیب مال الله ئیبراهیم- زانکۆی رور بوخوم/ ئەڵمانیا.

٢. پ. ی. د. هێمن مەجید حەسەن- زانکۆی سلێمانی.

٣.پ. ی. د. ئاراز رەمەزان ئەحمەد- زانکۆی راپەڕین.

٤. پ. ی. د. ئەحمەد حەمەغەریب عەبدوڵڵا- زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

٥. پ. ی. د. کاروان عەلی قادر- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی جێگیریـی فۆرمـی راپرسـییەکە، پشتدەبەسـتێت بـە یاسـای ئەلفـا کرونبـاخ ، کـە بڕەکـەی بریتییــە لــە (٠,٩٢١) ڕێژەیەکــی پەســەندە لــەڕووی زانســتییەوە.

## بەشی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەندێتییەکانی رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار

١.رەگەز

ئەنجامـەکان روونیدەکەنـەوە، کـۆی ئـەو رۆژنامەنوسـانەی ئـەم چاوپێکەوتنەیـان لەگـەڵ ئەنجامـدراوە لـە رەگـەزی نێـرن، بـە رێـژەی (١٠٠٪)، ئەگـەر چـی توێـژەر پەیوەندیکـرد بـە (٣) رۆژنامەنوسـی بنکۆڵکاریـی ژنـەوە، بـەڵام لـە دوای چاوەڕوانیـی نزیکـەی (٣) مانـگ وەڵامیـان نەدایـەوە، هـەروەک ئاماژەیەکیشـە بـۆ ئـەوەی کـە رۆژنامەنووسـیی ژن لـەم مۆدێلـەدا لاوازە، هەبوونـی مەترسـیی و قورسـیی کارەکـە وایکـردووە ئاسـتی بەشـداریکردنی لاوازبێـت. هەروەهـا ئەنجامەکانـی تەمەنـی بەرتوێـژان، ئەوەدەخەنـەڕوو ، لـە پلـەی یەکەمـدا (بـە کەمـتر لـە ٥٠٪)، ئەوانـە دێـن کـە تەمەنیـان لـە تەمەنـی (٣٥) ساڵییدان، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی زۆرینـەی رۆژنامەنووسـانی بنکۆڵکاریـی بەرتوێـژ گەنجـن، ئـەم ئەنجامـە لایەنـی ئەرێنیـی و نەرێنییشـی هەیـە. ئاماژەیەکـی ئەرێنییـە، دەتوانرێـت زیاتـر سـوود لـە وزە و چالاکییـان وەربگیرێـت، لەهەمـان کاتـدا ئاماژەیەکـی نەرێنییـە، چونکـە رۆژنامەوانـی بنکۆڵکاریـی پێویسـتیان بـە ئەزموونـە، رۆژنامەنـووس هەتـا ئەزموونـی زیاتربێـت توانـای قوڵبوونـەوە و کارکردنـی فراوانـتر و ئاسـانتر دەبێـت، کەمیـی تەمـەن ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ئەزموونیشـی کەمـترە. بڕوانـە خشـتەی (١).

خشتەی (١): رەگەز و تەمەن

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| نێر | 12 | ٪100 | یەکەم |
| مێ | 0 | ٪0.0 | دووەم |
| **تەمەن** | | | |
| کەمتر لە ٣٥ ساڵ | 6 | ٪ 50 | یەکەم |
| ٣٥-٤٥ ساڵ | 4 | ٪33.3 | دووەم |
| زیاتر لە ٤٥ ساڵ | 2 | ٪16.7 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 12 | %100 | |

٢.هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمیایی لە بواری راگەیاندندا

بـە پێـی ئەنجامـەکان، زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە پلەبەندیـی یەکەمـدا خاوەنـی بڕوانامـەی ئەکادیمیایـی بـواری راگەیاندن نیـن، بـە رێـژەی (٦٦.٧٪)، ئـەو بەرتوێژانەشـی خاوەنـی بڕوانامـەی ئەکادیمیایـی راگەیاندنـن، نزمتریـن بڕوانامەیـان

بەکالۆریۆسە بە ڕێژەی (٣٣.٣٪). ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، ڕۆژنامەوانیی هێندەی لەسەر خولیا و ئەزموونی کارکردن لەو بوارەدا خۆی دەبینێتەوە، هێندە هەبوونی بڕوانامەی ڕاگەیاندن نەبووە بە پێویستیی. بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (٢): هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمیایی لە بواری ڕاگەیاندندا

| بڕوانامەی ئەکادیمیی ڕاگەیاندن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 4 | 33.3٪ | دووەم |
| نەخێر | 8 | 66.7٪ | یەکەم |
| **کۆی گشتیی** | **١٢** | **100.0** | |
| **هەڵگری بڕوانامە** | | | |
| بەکالۆریۆس | 1 | 25٪ | |
| دبلۆم و بەکالۆریۆس | 1 | 25٪ | |
| ماستەر | 2 | 50٪ | |
| کۆی گشتیی | 4*[٤] | 100٪ | |

٣.ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنووس

ئەنجامی تاوتوێی ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنووس وایە کە (٥٠٪) ی بەرتوێژان زیاتر لە (١٨) ساڵە کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکەن، واتە ئەزموونی کارکردنیان زۆرە، کە ڕێگەخۆشکەر و بنەمایەکی باشە بۆ کاری بنکۆڵکاریی. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣): ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنووس

| **ماوەی کارکردن** | دووبارەبوونەوە | **ڕێژەی سەدیی** | **پلەبەندیی** |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٥ ساڵ | 2 | ٪16.7 | سێیەم |
| ١٥ ساڵ – ١٨ ساڵ | 4 | ٪33.3 | دووەم |
| ١٨ ساڵ و زیاتر | 6 | ٪50 | یەکەم |
| **کۆی گشتیی** | **12** | **٪١٠٠** | |
| | | | |

٤.ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار

٤* تەنها (٤) بەرتوێژەر هەڵگری بڕوانامەی ڕاگەیاندن بوون، کە پێویست بووە وەڵامبدەنەوە.

بـەڵام ئەزموونـی کارکردنـی بەرتوێـژان بـە پێـی مـاوەی کارکردنیـان وەک ڕۆژنامەنووسـی بنکۆڵـکار، بەرێـژەی (٥٠٪) لەنێـوان (٦-١٠) سـاڵ کارکردنـە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات زۆرینـە ئەزموونێکـی باشـیان هەیـە لـە کاری بنکۆڵکاریـی. بڕوانـە خشـتەی (٤).

خشتەی (٤): ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار

| ماوەی کارکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٦ ساڵ | 4 | ٪33.3 | دووەم |
| ٦ – ١٠ ساڵ | 6 | ٪50 | یەکەم |
| ١٠ ساڵ و زیاتر | 2 | ٪16.7 | سێیەم |
| **کۆی گشتیی** | **12** | **%100** | |

٥.شوێنی کارکردنی بنکۆڵکاریی

لەوەڵامـی پرسـیاری کاری بنکۆڵکاریـی بـۆ کـێ دەکەیـت؟ ئـەوە دەرکـەوت کـە (٩١.٧٪) ی بەرتوێژان بـۆ دامەزراوەیەکی میدیایـی دیاریکـراو کاردەکان کـە بـە ژمـارە (١١) بەرتوێژبـوون، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ڕۆژنامەنووسـان لەرێـی دامەزراوەیەکــی دیاریکــراوەوە پەیامەکانیــان دەگەیەنــن و، وەک پاڵپشــتییەک لێیدەڕوانــن، ئەگەرچیــی کارکــردن بەشـێوەی سـەربەخۆ لـە دنیـادا جێـی بایەخـە، بـەڵام وادیـارە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا نەبـووە بـە نەریـت و، لـە کولتـووردا نەچەسـپیووە، ئەمـەش هـۆکاری خـۆی هەیـە و پەیوەسـتە بـە هـۆکاری سیاسـیی و، ئابووریـی و، متمانـەی ڕۆژنامەنووسـانەوە. بڕوانـە خشـتەی(٥).

خشتەی (٥): شوێنی کارکردنی بنکۆڵکاریی

| شوێنی کارکردن | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| دامەزراوەیەکی میدیایی دیاریکراو | 11 | ٪91.7 |
| کاری سەربەخۆ (فریلانس) | 1 | ٪8.3 |
| **کۆی گشتیی** | 12 | %100 |

٦.ئەندامێتیی لە سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی

زۆرینـەی بەرتوێـژان بـە ڕێـژەی (٧٥٪) لـە پلەبەندیـی یەکەمـدا، ئەنـدام نیـن لـە ڕێکخـراو و سـەندیکای تایبـەت بـە ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی، کـە هـاوکار و یارمەتیـدەری ڕۆژنامەنوسـانی بنکۆڵـکار بـن لـەڕووی مادیـی و مەعنەوییـەوە. سـەرجەمی ئـەو بەرتوێژانـەی کـە ئەندامـن لـە سـەندیکا و ڕێکخـراوی بنکۆڵکاریـی، ژمارەیـان (٣) بەرتوێـژە، بـە ڕێـژەی

(%٢٥)، کە ئەندامن لە (تۆڕی نیریج بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی) کە یەکێکە لە رێکخراوە بنکۆڵکارییەکان کە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان کاردەکات.

ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی نەبووە بە رۆژنامەنوسییەکی باو، تاوەکو وەک پێداویستییەک رێکخراو و سەندیکای تایبەتی خۆیان هەبێت، هەروەها ببێت بە پاڵپشتی راستەوخۆ بۆیان. بڕوانە خشتەی (٦).

خشتەی (٦): ئەندامێتیی لە سەندیکا و رێکخراوی تایبەت بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی

| ئەگەرەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 3 | %25 | دووەم |
| نەخێر | 9 | %75 | یەکەم |
| **کۆی گشتیی** | **١٢** | **%100** | |
| **ناوی رێکخراو** | | | |
| تۆڕی نیریج بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی | 3 | %100 | |
| **کۆی گشتیی** | **3** | **100** | |

تەوەری دووەم: دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا:

لەم تەوەرەیەدا کە پرسیارەکانی دابەشبوون بەسەر (٥) پرسیاردا؛ ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەبووە کە لەڕێی وەڵامی بەرتوێژانەوە، ئاست و ئاستەنگی کاری بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا دیاریبکات.

١.ئاستی گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

بەبڕوای (%٥٠)ی بەرتوێژان، گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە، هەروەها (%٤١.٧)ی بەرتوێژان پێیانوایە گەشەکردنەکەی لە ئاستێکی خراپدایە و، تەنها (١) بەرتوێژەر پێیوایە لە ئاستێکی باشدایە بە رێژەی (%٨.٣). ئەنجامەکان بەهەمان شێوەی ژینگەی کارکردنی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی وەڵامەکان ئەرێنیین و ئومێدبەخشن بۆ کارکردنی ئەم مۆدێلەی راگەیاندن، بۆیە دەکرێت کاری راستیینە (جدیی) بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگەکان، دواجار هەوڵبدرێت بەرەوپێشبردنی زیاتر. بڕوانە خشتەی (٧).

خشتەی (٧): ئاستی گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

| ئاست | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| باش | 1 | ٪8.3 | سێیەم |
| مامناوەند | 6 | ٪50 | یەکەم |
| خراپ | 5 | ٪41.7 | دووەم |
| زۆر باش یان زۆر خراپ | 0 | ٪0 | چوارەم |
| **کۆی گشتیی** | **12** | **%100** | |

٢.ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردن و گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

بەپێی ڕاپرسییەکە، ئاستەنگی سیاسیی بە پلەی یەکەم دێت، بەشێوەیەکی گشتیی (ناسەقامگیریی سیاسیی، کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد) ئاستەنگن لەبەردەم کارکردن و, گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی لە هەرێمی کوردستاندا. لە کۆتا پلەکانی پلەبەندییەکەدا و لە پلەی دوانزەیەم و سیانزەیەمدا، لاوازیی دەستگەیشتن بە زانیاریی (جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی) و نەبوونی کولتوور و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، گرنگینەدان بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییایەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە (زانکۆ، پەیمانگا و ناوەندەکانی توێژینەوە) و ترسی ڕۆژنامەنوسان لە ئاستی سەربەرخۆیی دادگاکان دیاریکراوە. بە هەمان شێوەی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئاستەنگی سیاسیی و دارایی و ئابووریی لە سەرەتای پلەبەندییەکەدان، کە هێمایە بۆ ئەوەی بوارە سیاسیی و ئابوورییەکان لە پێشینەی هۆکارەکانن. بڕوانە خشتەی (٨).

خشتەی (٨): ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردن و گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی لە هەرێمی کوردستان

| ئاستەنگەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| ئاستەنگی سیاسیی بە شێوەیەکی گشتیی (ناسەقامگیریی سیاسیی، کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، هیتر.....) | 53 | ٪24.53 | یەکەم |
| ئاستەنگی دارایی و ئابووریی | 38 | ٪17.59 | دووەم |
| ئاستەنگی کۆمەڵایەتیی | 17 | ٪7.94 | سێیەم |
| ئاستەنگی ئاینیی | 15 | ٪6.94 | پێنجەم |
| لاوازیی کارگێڕیی | 16 | ٪7.40 | چوارەم |
| کەم ئەزموونیی ڕۆژنامەنووسان | 12 | ٪5.55 | حەوتەم |
| کەمیی ڕۆژنامەنوسی بنکۆڵکار | 14 | ٪6.48 | شەشەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرتەسکبوونی رووبەری ئازادیی رادەربڕین | 9 | ٪4.16 | هەشتەم |
| ئاستەنگ درووستکردن لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار | 7 | ٪3.24 | نۆیەم-١ |
| نادرووستیی بەند و بڕگە یاساییەکان | 4 | ٪1.85 | یانزەیەم-١ |
| جێبەجێنەکردنی یاساکان | 7 | ٪3.24 | نۆیەم-٢ |
| نەبوون یاخود کەمیی پاڵپشتییکردنی داواکاری گشتیی لە بەدەستهێنانی زانیاریی و جوڵاندنی دۆسییەکان | 4 | ٪1.85 | یانزەیەم-٢ |
| ترسی رۆژنامەنوسان لە ئاستی سەربەرخۆیی دادگاکان | 2 | ٪0.92 | سیانزەیەم-١ |
| لاوازیی دەستگەیشتن بە زانیاریی (جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی) | 3 | ٪1.38 | دوانزەیەم-١ |
| گرنگیینەدان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە | 5 | ٪2.31 | دەیەم-١ |
| گرنگیینەدان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە (زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی توێژینەوە) | 2 | ٪0.92 | سیانزەیەم-٢ |
| نەبوونی کلتوور و بیرکردنەوەی رەخنەیی | 3 | ٪1.38 | دوانزەیەم-٢ |
| لاوازیی هۆشیاریی گشتیی | 5 | ٪2.31 | دەیەم-٢ |
| **کۆی گشتیی** | **216°*** | **% 100** | |

٣.گرنگیی دەرکەوتنی بنکۆڵکاریی لە راگەیاندنی کوردیی دا

لە دییدی بەرتوێژانەوە، لە پلەبەندیی یەکەمدا پێیان وایە گرنگیی دەرکەوتنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەوەدایە، کە وەک چاودێرێک ئامادەیە بەسەر کایەکانی دەسەڵاتەوە و، رۆڵی (دەسەڵاتی چوارەم) دەبینێت. هەرچیی ئەنجامی کۆتا پلەبەندییەکەیە و لە پلەی هەشتەمدا پێیانوایە کە بنکۆڵکاریی بەشدارییدەکات لە چاکسازیی هەمەلایەنە و، کاریگەریی لەسەر هۆشیاریی تاکەکان دەبێت. ئەم ئەنجامانە رێکدێنەوە لەگەڵ ئەو بنەمایەی کە ئەرکە سەرەکییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دیاریدەکات و بە دیاریکراویش راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، کە بۆ ئەوەی وەک دەسەڵاتی چوارەم ئامادەبوونی هەبێت، چاودێریکردنی کایەکانی دەسەڵاتە دەکات بە پێشیینەی ئەرکە سەرکییەکانی. بڕوانە خشتەی (٩).

---

٥* ئازادیی هەڵبژاردن دراوە بە بەرتوێژان و دەیانتوانی زیاد لە بژاردەیەک هەڵبژێرن، بۆیە ژمارەی دووبارەبوونەوەکان زیادیانکردووە.

خشتەی (٩): گرنگیی دەرکەوتنی (بنکۆڵکاریی) لە راگەیاندنی کوردیی دا

| گرنگیی | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی% | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| دەبێـت بـە چاودێـر بەسـەر کایەکانـی دەسـەڵاتەوە و رۆڵـی (دەسـەڵاتی چـوارەم) دەبینێـت | 41 | ٪38.96 | یەکەم |
| رووبەری ئازادیی راگەیاندن فراواندەبێت | 16 | ٪14.81 | دووەم |
| کاریگەریی لەسەر بەهێزبوونی دیموکراسیی دەبێت | 6 | ٪5.55 | حەوتەم |
| هۆکارێکە بۆ چاکسازیی هەمەلایەنە | 4 | ٪3.70 | هەشتەم-١ |
| دەبێتە هۆیەک بۆ دروستبوونی گۆڕانکاریی | 8 | ٪7.40 | پێنجەم |
| کاریگەریی لەسەر هۆشیاریی تاکەکان دەبێت | 4 | ٪3.70 | هەشتەم-٢ |
| گەڕاندنەوەی متمانە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن | 7 | ٪6.48 | شەشەم |
| درووستبوون و فراوانبوونی رای گشتیی | 13 | ٪12.03 | سێیەم |
| جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی | 9 | ٪8.33 | چوارەم |
| **کۆی گشتیی** | **108** | **%99.99** | |

٤.شیکردنەوەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

ئەنجامـی پرسـیاری ئایـا راگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا توانیویەتـی ببێـت بـە چاودێـر بەسـەر دەسـەڵاتی (دادوەریـی، جێبەجێکـردن، یاسـادانان) و، ئایـا پێتوایـە دەسـەڵاتی دادوەریـی (بەتایبـەت داواکاری گشـتیی) لـە هەرێمـی کوردسـتاندا پاڵپشـتی رۆژنامەنووسـانی بنکۆڵـکار دەکات؟ وەڵامـەکان دابەشـدەبن بـۆ (٣) ئەگـەری لـە (هەرگیـز، تارادەیـەک، بەدڵنیاییـەوە)، کـە بـە پێـی خشـتەی راپرسـییەکە (خشـتەی ١٠)، دەردەکەوێـت رێـژەی هەرگیـز زۆرتریینـە، کـە بەشـێوەیەکی گشـتیی بـاو (المنـوال) دەکات بـە (هەرگیـز)، ئەمـەش ئاماژەیەکـی مەترسـییدارە؛ کـە نەتوانرێـت ببێـت بـە چاودێـر، کـە ئەرکـی سـەرەکی راگەیاندنـی بنکۆڵکارییـە و دەسـەڵاتی دادوەرییـش نەبێـت بـە پاڵپشـت بـۆ کارەکانـی هـەروەک لـە ئاستەنگەکانیشـدا ئامـاژەی پێکرابـوو. بڕوانـە خشـتەی (١٠)

خشتەی (١٠): شیکردنەوەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

| برگەکان | | بەدڵنیاییەوە | تاڕادەیەک | هەرگیز | باو(المنوال) |
|---|---|---|---|---|---|
| راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی ببێت بە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی (دادوەریی، جێبەجێکردن، یاسادانان) | دووبارە | ١ | ٦ | ٥ | تاڕادەیەک |
| | ٪ | 8.3 | ٥٠ | 41.7 | |
| پێتوایە دەسەڵاتی دادوەریی (بەتایبەت داواکاری گشتیی) لە هەرێمی کوردستاندا بووە بە پاڵپشت بۆ رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار؟ | دووبارە | ٠ | ٤ | ٨ | هەرگیز |
| | ٪ | ٠ | 33.3 | 66.7 | |
| **کۆی گشتیی** | دووبارە | ١ | ١٠ | ١٣ | هەرگیز |
| | ٪ | ٤,١٦ | 41.66 | 54.16 | |

٥.پەیوەندیی نێوان ژینگەی کارکردنی رۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستان

لە خشتەی (١١) دا ژینگەی کارکردنی رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار روونکراوەتەوە، لە سۆنگەی دوو فاکتەرەوە، یەکێکیان تەمەنی کارکردنی رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار کە لە (خوار ٦ ساڵ کارکردن، ٦-١٠ ساڵ ، سەروو ١٠ ساڵ) دیاریکراوە، ئەوی تریان ئەندامبوونی رۆژنامەنووسە بنکۆڵکارییەکانە لە رێکخراو یان سەندیکایەکی تایبەت بە خۆیان.

نرخی (P) لە شیکردنەوەی دووجای chi- دا، ئەگەری دەستکەوتنی دووجای وەک گەورەترین نرخ یان گەورەتر لەوەی لەم پشکنینە دەستکەوتووە، کە داتاکان بتوانێت پاڵپشتیی گریمانەی پشکنییەکە بکات. ئەگەری روودانی لادانە، کە چاوەڕێدەکرێت تەنها بەرِیکەوت رووبدات.

خشتەی (١١) : پەیوەندیی نێوان ژینگەی کارکردنی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان

| ماوەی کارکردن وەک ڕۆژنامەنوسی بنکۆڵکار | ژینگەی کارکردنی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان و گونجاندنی بۆ گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی | | | | | | Chi-Square Test (P-value) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەدڵنیاییەوە | | تارادەیەک | | هەرگیز | | |
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| کەمتر لە ٦ ساڵ | 0 | 0.0 | 3 | ٪25 | 1 | ٪8.3 | 2.182<br>P=0.336 |
| ٦ ساڵ – ١٠ ساڵ | 0 | 0.0 | 6 | ٪50 | 0 | ٪0.0 | |
| زیاتر لە ١٠ ساڵ | 0 | 0.0 | 2 | ٪16.7 | 0 | ٪0.0 | |
| **کۆی گشتی** | 0 | 0.0 | 11 | ٪91.7 | 1 | ٪8.3 | |
| **ئەندام لە سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی** | | | | | | | |
| بەڵێ | 0 | 0.0 | 3 | ٪25 | 0 | ٪0.0 | 0.364<br>P=0.546 |
| نەخێر | 0 | 0.0 | 8 | ٪66.7 | 1 | ٪8.3 | |
| **کۆی گشتی** | 0 | 0.0 | 11 | ٪91.7 | 1 | %8.3 | |

تەوەری سێهەم: ئاسۆکانی ئایندەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

لـەم تـەوەرەدا، پرسـیارەکان بەسـەر (٧) پرسـیاردا دابەشـکراوە و تێیـدا لە ئایـندەی ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی دەکۆڵێتەوە، کـە مەبەسـتیەتی لەڕێـی بۆچونـی ڕۆژنامەنووسـانی نێـو بوارەکـەوە، لـە کارکـردن بـۆ برەوپێدانـی مۆدێلەکـە لـە ئایندەدا بزانێـت و ئاشـنابێت بـەو گۆڕانکارییانـەی کـە کارە بنکۆڵکارییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان دا کردوویانـە، هەتـا ڕێخۆشـکەربن بـۆ کارکـردن لـە ئایـندەدا.

١. پێشنیار و ڕاسپاردەی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار سەبارەت  بە برەوپێدانی مۆدێلەکە:

لەوەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا ڕۆژنامەنوسـانی بنکۆڵـکار چەنـد بابەتێکیـان دیاریکـردووە کـە، پێیانوایـە دەتوانرێـت لـەو ڕێگایانـەوە کار بـۆ برەوپێدانـی ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی بکرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، ئەوانیـش:

ڕۆژنامەنووسـان بـە پێـی پێداویسـتییەکانی سـەردەم پێبگەیەندرێـت و، خـودی ڕۆژنامەنوسـان  زیاتریـش هەوڵبـدەن لـە بوارەکـەدا.

گرنگیدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەو بابەتە.

پاڵپشـتییکردنی داواکاری گشـتیی و دەسـەڵاتی دادوەریـی، وەک لـەوەی دادگا ببێـت بە ئامرازێک بۆ بەرتەسـککردنەوەی ئازادیـی کارکردنی ڕۆژنامەنووسـانی بنکۆڵکار.

پاراستنی ژیان و ژینگەی کارکردنی ڕۆژنامەنوسان.

جێبەجێکردنـی یاسـای مافـی بەدەسـتهێنانی زانیاریـی و دروسـتکردنی تۆڕێکـی فراوانـی شـێوازی کاری ڕۆژنامەوانییـ

بنكۆڵكاریـی.
پێدانی پاداشت و دابینکردنی بودجە بۆ بەجێهێنانی کاری بنكۆڵكاریی.
دەستگاکانی دەوڵەت لێپرسینەوە لە کارە رۆژنامەوانیيە بنكۆڵكارییەکان بکەن.

٢.رۆڵی دەستگاکان بۆ برەودان بە راگەیاندنی بنكولّكاریی

لـە دیاریکردنـی رۆڵی دەسـتگاکانی (سـەندیکای رۆژنامەنووسـان، ناوەنـدە ئەکادیمیاییەکان، داواکاری گشـتیی، رێکخراوە ناحوکومییـەکان) لـە برەودانیـان بـە راگەیاندنـی بنكولّكاریـی، ئەنجامـەکان بـۆ (٥) ئاسـتی (زۆربـاش، بـاش، مامناوەنـد، خـراپ، زۆرخـراپ) دابەشـدەبێت، بەشـێوەیەکی گشـتیی دەردەکەوێـت، رێـژەی (خـراپ) زۆرترینـە؛ هەروەهـا بـە شـێوەیەکی گشـتیی، گرنگیـی رێژەیـی دەکاتـە (٤٠.٤٥٪).
زیاتـر لەمـەش، ئەنجامـەکان رونیدەکەنـەوە، کـە رۆڵـی سـەرجەم دەسـتگا دەستنیشـانکراوەکان خراپـە و، هاوکارنیـن بـۆ بـرەودان بـە کاری بنكۆڵكاریـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. ئەمـەش ئاماژەیەکـی مەترسییدارە و کار لەسـەر ئاینـدەی بنكۆڵكاریـی دەکات، دواجاریـش دەبـن بـە هۆکارێکـی کاریگـەر بـۆ رێگریـی لـە گەشـەکردن و لاوازبوونـی ئـەم مۆدێلـەی راگەیانـدن. بڕوانـە خشـتەی (١٢).

خشتەی (١٢) : رۆڵی دەستگاکان بۆ برەودان بە راگەیاندنی بنكولّكاریی

| رۆڵی دەستگاکان کە بۆ برەودان بەم مۆدێلەی راگەیاندنی بنكۆڵكاریی | زۆر خراپ دووبارە | خراپ دووبارە | مامناوەند دووبارە | باش دووبارە | زۆر باش دووبارە | Mean ناوەندەیی | S.D لادانی پێوانەیی | RI گرنگی رێژەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | % | % | % | % | | | |
| سەندیکای رۆژنامەنووسان | 6 | 4 | 2 | 0 | 0 | 1.67 | 0.78 | 33.4 |
| | 50 | 33.3 | 16.7 | 0.0 | 0.0 | | | |
| ناوەندە ئەکادیمیاییەکان | 1 | 7 | 4 | 0 | 0 | 2.25 | 0.62 | 45 |
| | 8.3 | 58.4 | 33.3 | 0.0 | 0.0 | | | |
| داواکاری گشتیی | 5 | 5 | 2 | 0 | 0 | 1.75 | 0.75 | 35 |
| | 41.7 | 41.7 | 16.7 | 0.0 | 0.0 | | | |
| رێکخراوە ناحوکومییەکانی تایبەت بە راگەیاندنی بنكۆڵكاریی | 2 | 3 | 7 | 0 | 0 | 2.42 | 0.79 | 48.4 |
| | 16.7 | 25 | 58.3 | 0.0 | 0.0 | | | |
| **کۆی گشتیی** | 14 | 19 | 15 | 0 | 0 | 2.02 | 0.74 | 40.5 |
| | 29.16 | 39.58 | 31.25 | 0.00 | 0.00 | | | |

٣.هەڵسەنگاندن بۆ ئایندەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا

بۆ هەڵسەنگاندنی ئایندەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، رۆژنامەنووسان بەسەر دوو ئاستدا دابەشکراون، ئاستێکیان کە زۆرینە پێکدەهێنن، ئەو رۆژنامەنووسانەن کە گەشبینن بە ئایندەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، هاوشێوەی ئایندەی رۆژنامەوانیی لەجیهاندا، کە بە ئاراستەی بنکۆڵکاریی هەنگاودەنێت، ئەمەش بە هەوڵ و ماندوبوونی ئەو دەستەبژێرە رۆژنامەوانەی چەندساڵێکە کار لەو بوارەدا دەکەن.

ئەم ئاستەی رۆژنامەنووسان پێیانوایە؛ بەهۆی ئەوەی لە ئاستی ئەکادیمیایی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا، بڕوانامەی ئەکادیمیایی باڵا (دکتۆرا و ماستەر) لەسەر ئەم مۆدێلە بەدەستدەهێنرێت، شانبەشانی ئەوەش لەپێناوی کاریگەریی درووستکردنی کاری میدیایی، میدیا ناچارە کە کاری قووڵ بۆ بابەتەکان بکات بەشێوازی بنکۆڵکاریی. لەهەمان کاتدا وەرگرێکی دەستەبژێر (نوخبە) هەیە، کە بەدوای بابەتی بنکۆڵکارییەوەیە و بەردەوامیش ئەو دەستبژێرە لەزیادبووندایە، بەڵام کاریگەریی زۆربوونی وەرگرانی بابەتی بنکۆڵکاریی لەماوەیەکی درێژ مەودادا دەردەکەوێت نەک لە مەودای کاتی نزیک.

ئاستی دووەم کە ژمارەیان (٥) رۆژنامەنوسە گەشبیین نین بە ئایندەی بنکۆڵکاریی. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە کایە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتداران بەرگەی ئەم جۆرە لە کاری راگەیاندن ناکەن، هەروەها رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکان لەبەر دابەشبوونیان بەسەر حزبەکان و دەگمەنیی رۆژنامەنوسی بێلایەن وایکردووە، ئەگەر کاری بنکۆڵکارییش بکەن لەپێناوی بەرژەوەندیی سیاسیی پێی هەڵدەستن. بۆیە وەک راگەیاندنی پیشەیی و سەربەخۆ و رەسەن بەرەو کاڵبونەوە دەڕوات، هۆکاری هەرە سەرەکییش قۆرخکردنی (مۆنۆپۆڵکردنی) پارە و بازاڕی بانگەشە (ریکلام) و نەبوونی پشتیوانیی حوکومییە بۆ ئەم جۆرەی میدیا، بۆیە داهاتووی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی باش نابێت، ئەگەر گۆڕانکاریی خێرا و بەپەلە روونەدات لە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسییەکان و دەستگاکانی راگەیاندندا.

هۆکارێکیتریش بۆ نەبوونی گەشبینیی لای ئەم دەستەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئازادییەکان لە کوردستان بەرتەسك دەکرێن، و ئاستەنگەکان زیاددەکرێن و، گرنگیی بەچاکسازی راستەقینە نادرێت، بەڵکو لەبریی ئەوە دژایەتیی کاری رۆژنامەنوسیی دەکرێت.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، (١) رۆژنامەنووسیان هیچ بۆچونێکی نەبووە و بە نازانم وەڵامیداوەتەوە.

ئەنجامەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە دەشێت بوترێت ئایندەی کاری رۆژنامەوانیی بۆ رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی دەبێت و، لەگەڵ خۆیشیدا گۆڕانکاریی گەورە دەهێنێت. دواجار گۆڕان لە بیرکردنەوەی خەڵك و دەسەڵاتداراندا دێتە ئاراوە.

# دەرەنجامەکان

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون، ئەمانەن:

١.گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە.

٢.ئاستەنگی سیاسیی، دارایی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، لە پێشەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەسەندنی راگەیاندنی بنکۆڵکارین لە هەرێمی کوردستاندا.

٣.راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، تارادەیەک توانیویەتی ببێت بە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی (دادوەریی، جێبەجێکردن، یاسادانان).

٤.ئاینده بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی دەبێت.

٥.رۆڵی دەستگاکانی (سەندیکای رۆژنامەنوسان، ناوەندە ئەکادیمیاییەکان، داواکاری گشتیی، رێکخراوە ناحوکومییەکان) لە گەشەسەندنی ئەم مۆدێلەی راگەیاندندا لە ئاستێکی خراپدایە.

٦.پێویستە داواکاری گشتیی و دەسەڵاتی دادوەریی پاڵپشتی راگەیاندنکارانی بنکۆڵکار بن، نەک ببن بە ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کارکردنیان.

راسپاردەکان

١.دەسەڵاتەکانی (دادوەریی، یاسادانان، جێبەجێکردن) کار بۆ فەراهەمکردنی ئازادیی رادەربڕین بکەن، کە هۆیەکی سەرەکییە بۆ گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

٢.رۆژنامەنوسان و دەستگاکانی راگەیاندن بە گرنگییەوە لە کاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بڕوانن.

٣.هانی رۆژنامەنوسانی رەگەزی مێ بدرێت زیاتر بێنە ناو ئەم مۆدێلەی راگەیاندن.

٤.زیادکردنی خول و راهێنانی بەردەوام بۆ رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار.

پێشنیارەکان

١. توێژینەوەکردن لەسەر هۆکارەکانی هەبوونی ئاستەنگە سیاسییەکان لە بەردەم راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. توێژینەوەکردن دەربارەی کاریگەریی ناوەندە ئەکادیمیاییەکان لەسەر ئایندەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. توێژینەوەکردن لەسەر هۆکارەکانی کەمیی بەشداریی رەگەزی مێ لە راگەیاندنی بنکۆڵکاریدا.

٤.رۆڵی رێکخراوە رۆژنامەنوسییەکان لە گرنگییدان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان دا.

# العوائق الاعلام الاستقصائي  في اقليم كوردستان  و أفاق تطويرها
# الاعلامين الاستقصائين انموذجا


## الملخص

تـم في هـذه الدراسـة فحـص العوائـق الإعـلام الأسـتقصائية في إقليـم كوردسـتان كنمـوذج معـاصر. اسـتخدمت الدراسـة المنهـج «الوصفـي» ومنهـج «المقابلـة المتعمقـة» لاسـتطلاع الصحفيـين كعينـة مبـاشرة، لمراعـاة المتغيرات المؤثـرة والتوصـل إلى اسـتنتاجات مهمـة ومهمـة. لهـذا الغـرض ، تـم تقسـيم العمـل البراكتيكيـة إلى ثلاثـة محـاور واسـعة النطـاق. الموضـوع الأول مخصـص لحضـور ومشـاركة الصحفيـين عـلى مسـتوى القاعـدة مـن ذوي الخصائـص العديـدة ، مثـل: الجنـس ، الشـهادة، العمـر الصحفـي ، سـن العمـل عـلى مسـتوى القاعـدة، مـكان العمـل والتنظيـم أو النقابـات العماليـة عضويـة. ويبحـث موضـوع آخـر في وضـع الإعـلام في ثلاثـة محـاور رئيسـية: مسـتوى التطـور والعوائـق ، وأخـيرًا أهميـة هـذا النمـوذج الإعلامـي. في هـذا العمـل الاعلامـي، يتـم تحليـل وسـائل الإعـلام مـن خـلال تأثيرهـا عـلى السـلطات الثـلاث (التشريعيـة والتنفيذيـة والقضائيـة) ، إلى جانـب دور القضـاء مـن حيـث النائـب العـام ، ومـن ثـم التفاصيـل والإحصائيـات حـول العلاقـة بـين الصحافـة في الدولـة. تـم فحـص سـن العمـل في إقليـم كوردسـتان والعضويـة في نقاباتهـم ومنظماتهـم. الموضـوع الأخـير هـو تقييـم الآفـاق المسـتقبلية للإعـلام الاسـتقصائي في كصردسـتان ، مـن خـلال ثـلاث قضايـا مختلفـة تتضمـن كيفيـة الترويـج لنمـوذج ودور المؤسسـات ذات الصلـة مثـل نقابـات الصحفيـين والمراكـز الأكاديميـة والمدعـين العامـين والمنظـمات غـير الحكوميـة الأخـرى في تعزيـز وسـائل الإعـلام الاسـتقصائية، ثـم تحديـد إشـارة مثـل التفـاؤل بمسـتقبل الإعـلام الاسـتقصائي. وأظهـرت النتائـج أن جميـع الصحفيـين الاسـتقصائين هـم مـن الذكـور (١٠٠٪) منهـم (٦٦,٦٦٪) لا يحملـون درجـات علميـة في مجـال الإعـلام. كـما أن ٥٠٪ مـن المبحوثـين يعتقـدون أن تطـور الإعـلام الاسـتقصائي في إقليـم كوردسـتان الوسـطى، لكـن نسـبة كبـيرة (٤١,٧٪) تعتـبره ضعيفـاً ، ويعـود ذلـك إلى العوائـق السياسـية والمالية ، خصوصاً (٢٤,٥٣٪) يعتقـدون أنـه العوائـق السياسي بشـكل عـام، عـدم الاسـتقرار السـياسي والقضايـا العالقـة بـين أربيـل وبغـداد) هـي الأسـباب الرئيسـية لهـذه المعوقـات، تليهـا الأسـباب الماليـة والاقتصاديـة (١٧,٦٪). ومـع ذلـك ، تعتـبر بيئـة العمـل الصحفـي في إقليـم كوردسـتان مواتيـة إلى حـد مـا لتنميـة وسـائل الإعـلام الشـعبية ، وفقًـا للصحفيـين (٦٦,٧٪) مـن غـير أعضـاء المنظـمات والنقابـات العماليـة وسـن العمـل للأغلبيـة (٥٠٪). مـا بـين ٦-١٠ سـنوات.... يعتقـد المسـتجيبون (٣٨,٩٦٪) أن وجـود وتأثـير الإعـلام مهـم لأنـه يراقـب مجـالات السـلطة ويلعـب دور القـوة الرابعـة. وبحسـب دور الإعـلام في إقليـم كوردسـتان فهـو معتـدل بنسـبة ٥٠٪ وليـس ٤١,٧٪ ويمكـن أن يكـون مراقبًـا للسـلطة القضائيـة والتنفيذيـة والتشريعيـة النتائـج حـول دور جميـع المؤسسـات ذات الصلـة (المذكـورة أعـلاه) هـي سيئة بدرجـات متفاوتـة لكنهـا عاليـة ، الأمـر الـذي لم يـرضي صحفيـي الأنفـاق في عملهـم. عـلاوة عـلى ذلـك، عـلى الرغـم مـن البيانـات المحـدودة مثـل عـدد الأشـخاص الذيـن تمـت مقابلتهـم ، هنـاك تفـاؤل برؤيـة مسـتقبل مـشرق للصحافـة الأصوليـة وإحـداث فـرق كبـير. التوصيـات موجهـة إلى السـلطات والنقابـات والمؤسسـات ذات الصلـة لمتابعـة هـذا النمـوذج بحـماس ، مثـل تخصيـص الميزانيـة اللازمـة ، وتسـهيل توفـير المعلومـات ، وتشـجيع النسـاء عـلى دخـول هـذا النمـوذج والتحقيـق في أسـباب غيابهـن.



الكلمات المفتاحية: العوائق، الاعلام الاستقصائي، اقليم كوردستان العراق، افاق تطوير، الصحفي الاستقصائي.

## Tthe Challenges of Investigative Journalism in Kurdistan Region and Developing Prospects Investigative Journalist's Perspective As Examples


### Abstrac:

In this study, the challenges of investigative journalism in Kurdistan region; and developing prospects investigative journalist's perspective as examples. The study used a "descriptive" method and an "in-depth interview" approach to survey journalists as a direct sample, to take into account the influential variables and reach significant and important conclusions. For this purpose, are divided into three broad themes. The first theme is devoted to the presence and participation of grassroots journalists with many characteristics, such as: gender, qualifications, journalistic age, age of journalistic career, age of employment, place of work and membership of an organization or trade union. Another topic examines the situation of the media in three main issues: the level of development and obstacles to development, and finally the importance of this media model. In this article, the media is analyzed through its impact on the three branches of government (judicial, legislative, executive), along with the role of the judiciary in terms of the prosecutor general, and then details and statistics on the relationship between journalism in the Kurdistan Region Working age and membership in their respective unions and organizations were examined. The final topic is an assessment of the future prospects of investigetive media in Kurdistan, through three different issues that involve how to promote the model and the role of relevant institutions such as journalists unions, academic centers, prosecutors and other NGOs in promoting investigative media and, then identifying a signal such as optimism for the future of the underground media. The results showed that all the investigative journalists are male (٪١٠٠), of whom (٪٦٦,٦٦) do not have academic degrees in the field of media. Also, ٪٥٠ of the respondents believe that the development of grassroots media in the Kurdistan Region is moderate, but a significant percentage (٪٤١,٧) considers it poor, which is due to political and financial obstacles, especially (٪٢٤,٥٣) believe that political obstacles in general. Political instability, outstanding issues between Erbil and Baghdad) are the main reasons for these obstacles, followed by financial and economic reasons (٪١٧,٦). However, the journalistic working environment in the Kurdistan Region is considered to

be somewhat favorable for the development of grassroots media, according to journalists (٪٦٦,٧) who are not members of organizations and trade unions and the working age of the majority (٪٥٠) is between ١٠-٦ years . . . . The respondents (٪٣٨,٩٦) believe that the existence and influence of the media is important because it monitors the spheres of power and plays the role of the fourth power. According to the role of the media in the Kurdistan Region, it is moderate for ٪٥٠ and never for ٪٤١,٧, which can act as an observer over the judiciary, executive, legislative. Results about the role of all relevant institutions (mentioned above) are bad to varying degrees but high, which did not satisfy the journalists of the underground in their work. Furthermore, despite the limited data such as the number of interviewees, there is optimism to see a bright future for invetigative journalism and make a big difference. The recommendations are directed to the authorities, trade unions and relevant institutions to enthusiastically follow this model, such as allocating the necessary budget, facilitating the provision of information and encouraging women to enter this model and investigate the reasons for their absence.

**Keywords: Tthe challenge, investigative journalism, Iraqi Kurdistan Region, developing prospects, investigative journalist**

# سەرچاوەکان

عـەلی، دەشـتی، پێگـەی ڕۆژنامەنـوسی بنکۆڵکاریـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، ماسـتەرنامە، زانکـۆی سـلێمانی ، کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان- بـەشی ڕاگەیانـدن، ٢٠١٧.

حەمەسـاڵح، ئاشـتی، ڕۆڵ و گرنگـی ڕۆژنامەوانـی بنکۆڵکاریـی، لەرۆژنامەوانـی کوردیدا-توێژینەوەیـەکی مەیدانییـە بـۆ دیـد و بۆچوونـی بەڕیوەبـەری دەزگا میدیاییـە چاپکراوەکانـی شـاری سـلێمانی سـەبارەت بـە ڕۆڵ و گرنگـی رۆژنامەوانـی بنکۆڵکاریـی، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، (Vol.٤ No.٢ April, ٢٠١٧).

ربيـع، حسـين محمـد، الصحافـة الاسـتقصائية كنمـط مـن مسـتحدث في الصحافـة العربيـة، أطروحـة دكتـورا، جامعـة المنيـا، كليـة الاداب- قسـم الاعـلام،٢٠١٣.

Smit, M., Deterrence of fraud with EU funds through investigative journalism in EU policy -٢٧, department, European parliament, Brussels, ٢٠١٢.

شریـف، هـەژار کیفـە، ئەحمـەد، فوئـاد عەلـی، هەڵسـەنگاندنی ڕاپۆرتـە بنکۆڵکارییـەکان لـە پێگـە ئەلیکترۆنییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دا، گۆڤـاری کوردسـتانیی بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجیی، ژمـارە (٣)، پووشـپەڕ (٢٧٢١)، حوزەیـران (٢٠٢٢). ل ٤٢.

Coronel, Sheila, Digging: A Guide for Investigative Journalist in the Balkan, ٢٠٠٩, p١٣.

Kaplan, David E, Global Investigative Journalism: Strategies for Support, ٢nd Edition, ٢٠١٣, p١٠.

نوح، سامان، دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاریی، چاپخانەی کارۆ، بەغداد-سلێمانی، ٢٠١٥، ل٧.

Hunter, Mark Lee, Story-based inquiry: a manual for investigative journalists, UNESCO, ٢٠١١, p٨.

Bauer, David,, Investigative Journalism as a Means of Resistance: A Linguistic Analysis. B A Seminar Paper, ٢٠٠٥/١٠/١٩, p٦

عبدالباقي، عيسى، الصحافة الاستقصائية أطر نظرية ونماذج تطبيقية، دار العلوم، القاهرة، ٢٠١٣، ص٢٩.

عبـد المعـز، هبـة، مسـتقبل الصحافـة الاسـتقصائية في مـصر- خـلال العقـد القـادو في الفـترة مـن ٢٠١٥ إلى ٢٠٢٥ دراسـة اسـتشرافية، أطروحـة دكتـوراه، جامعـة جنـوب الـوادي، كليـة القنـا، قسـم الاعـلام، مـصر، ٢٠١٦، ص٧٦.

الصحافة الاستقصائية، منهج التقني، UNDP-IRAQ، البرنامج الانمائي للامم المتحدة، ص٢٩-٣٠.

ربيع، المصدر السابق، ص ٩٦-٩٧.

OECD, THE ROLE OF THE MEDIA AND INVESTIGATIVE JOURNALISM IN COMBATING CORRUPTION, ٢٠١٨, p٣.

عبدالباقي، المصدر السابق، ص٧٢.

نوح، سەرچاوەی پێشووك ل ١٢.

نوح، هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

الفلاحـي، حسـين عـلي، صحافـة التحـري والاسـتقصاء التحقيقـات الصحفيـة الاسـتقصائية، دار الكتـاب الجامعـي، دولـة

الامـارات العربيـة المتحـدة- الجمهوريـة اللبنانيـة، ٢٠١٧، ص٧٠.

عبدالباقي، المصدر السابق، ص٩٣.

عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

رسول، هيرش، الوظيفة الرقابية للصحافة، مكتبة زين الحقوقية والادبية، بيروت، ٢٠١٦، ص٦٥.

الشـمري،حاتم بـدوي و رشـيد، ابتهـال جاسـم، دور وسـائل الاعـلام في مكافحـة الفسـاد العـراق انموذجـا، مجلـة مركـز بابـل للدراسـات الانسـانية ٢٠١٦، مجلـد ٦، العـدد ٤ ، اصـدار خـاص بالمؤتمـر الوطنـي للعلـوم والآداب. ص ٢٨٥.

فوزي، سامان، المرشد القانوني للاعلامين، طبعة الثانية، مطبعة هاولاتي، ٢٠١٦، ص٨٤.

فوزي، المصدر السابق، ص٢١.

رسول، هيرش، الوظيفة الرقابية للصحافة، ص ٣٤٠.

ڕەسوڵ، هێرش، ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٧٠.

ڕەسوڵ، هێرش، ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، ل ٤٣-٦٩.

ڕەسوڵ، هێرش، میدیا و دەسەڵات، لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٨، ل١٠١.